# هەمیشە هەر هەشتی مارس
# هەمیشە هەر رۆژی تۆ...

**کامیل محەمەد قەرەداغی**

بۆمرۆڤ زۆر ئەستەمە کە بەهەستو بیریەوە لەئاستی رووداوەکاندا پەراوێزبگرێتو ئەمجا بیر لەوەبکاتەوە لەو پەراوێزگیرییەشیەوە مێژوو دروست بکات، چونکە لەهەموو پرۆسەیەکی مێژوو دروستکرندا دەبێ فۆرمێك یان قەواڵەیەك لەقەواڵەکانی کارو کاردانەوە هەبێ، بەو مانایەی ئەگەر تۆ لە ئاستی مێژوودا پێناسەیەکی (پەسەندکردن، یان بۆ دەرەوە فرێدانا)بۆ دروست نەبوونی برێك نارەحەتە بتوانیت بەبێ بوونی ئەو بەریەکگەوتنە کاریگەریی خۆت بخەیتەسەر ئەو ورِوداوی مێژوویی تۆماربکەیت، پەسەندکردنی مێژوو بۆ تۆی ناك بەوشێوەیەیە کە هەلو مەرجەکانت بۆرِەخسابن، ئاو بەدەم بێڵەکەتەوە رۆشتبێ، بوارت بۆ هاتبێتە پێش، تۆش دەستەو وەستان نەبووبی کاریگەریی خۆتت دانابێ، ئیتر لەوێدا مێژویەك بەناوتەوەو بەکارتە وەدروست بووبێ، هەرچی بۆ دەرەوە فرێدانەکەشە برێتیـیە لەوەی کە (تاك)کەوتبێتە بەر بەرداشەکە، ئەگەری لەناوچوونو سرینەوەی لێ هاتبێتە پێش، بەڵام لەچرکەیەکی کورتخایەندا راچەنینێك لەلایەن تاکەوە زۆری بەهاکات بگێرِێتەوەو مێژووەکە بگۆرِێ، گۆرِانێك کە هیچ نەبێ، ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێت سیما دزێوەکەی قۆرتە مێژووییەکی بشارێتەوەو رەوگەیەکی نوێ بەرِووداوەکان ببەخشێ.

لەپشتی بەرپاکردنی هەرکارێکی مێژوییەوە، بەرپابوونی رەوشێکی مێژوویی نوێ هەیە، بەم پێیە مانگرتنی کرێکارانی ژنی ناو کارگەکەی شێکاگۆ، ئەوەی لەساڵی (1912)دا لە دژی رەوشێکی ناهەمواری کارکردنی ژێرسایەی سەرمایەداریدا رِوویدا (کارێکی مێژوویی) بوو، هێنانەکایەی شۆرِشێك بوو لەناوپنتێکی بچوکی چەوساندنەوەوە بۆ ئاسۆیەکی فراوانتری جیهانی، ئەوشۆرِشە هەر تەنها کارێکی کۆمەڵایەتی، یان سیاسییانەی وانەبوە کە خەونێکی بۆ باشتر دابەشکردنی داهاتو باشکردنی باری گوزەران بێ، بەڵکو ویستوسێەتی کە مۆرێکێکی نوێ بەپەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان لەئاستی ئابوریو کۆمەڵایەتیشدا ببەخشێ، واتە (8)ی مارس، ئەو رۆژەی کە کرێکارانی ژن مانگرتنیان گەیاندە ئەو ئاستەی کە خۆیان بسوتێنن، یان بەکارگەکەشیانەوە بسوتێرِێن، هەر تەنها لەپێناوی باشترکردنی رِووی ئابووریی گوزەرانیان نەبووە بەڵکو ریفۆرمکردنێکی کۆمەڵایەتیش لەناو هەبەستەکەدا بووە، ریفۆرمێك کەرِێزە شیاوو پێویستەکان بۆ ژنانی کرێکار بگەرِێنێتەوە. ئەو کارە پەیامێکی هەرِەشە ئامێز بووە بۆ رِووی دزێوییەکدا کە ژیانی ئەوانی مەحکوم کردووە بەنەهامەتی. هەژارکردن لەرِووانینی مارکسەوەو لەتیۆرەکەی ئەودا لەپێش هەموو شتێکەوە مانای بێبەریکردن دەگەیەنێت، دەکاتە دابین نەبوونی پێداویستیە زیندەگییەکانو بەتایبەتتیش پێداویستیە مادییەکانی ئەو چینەی کە گرفتاری گۆبەنی نەهامەتی بووە، پرسیارێك هەیە رِەنگە وەك گیلوزگوڵی سەرەتای وەرز لەگەڵ هەموو هەشتی مارسێکدا لەخاکی حامۆشییەوە سەردەربهێنێتو سەردەمێك زیندویی بگوزەرِێنێ، ئەویش ئەو پرسیارەیە ئایا ئەگەر بارودۆخی ژنان لەناو کۆمەڵگاکانداو بەتایبەتیش کۆمەڵگە تەقلیدییەکانی نەریت پاراستن هەر بارودۆخێکی گرێینو ئاڵۆزبێتو ژنانو ئافرەتانیش هەر هەست بە مافخوراوی بکەن، بۆچی مێژوی هەشتی مارس لەفۆرمێکی نوێترو بێوەی تر، بەڵام شۆرِشگێرانەشدا خۆی دووبارە ناکاتەوە؟ ئایا بۆچی بێدەنگییەك بەرامبەر بەئەو هەموو ناحەقیو بێمافیانە لەئارادایە کە ژنانی کردۆتە نێچیر، نەك خاوەن بریار، ناحەقیو

**بێمافی لەئارادان ئایا بەرپرسیاریی ڕێکخراوەکانی ژنان‌و ئافرەتان چیەو چۆنە، ئایا دەتوانن ببنە خاوەنی مەسەلەکان‌و ریزەکان تاوبدەنەوە بۆبەرپا کردنی ئەو شۆڕشەی کەڕەوشی ژنان چەکدەکان‌و دەبێ چاکیشی بکات؟**

**بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە راچنینێك پێویستە کە لەناو ریزی خەباتگێڕی ژنان‌و لەناو ئەو دەستەبژێرە پیاوانەشدا ڕووبدات کە دروشمی یەکسانیخوازیی نێوان مرۆڤەکاینان بەرزکردۆتەوەو کارشیی بۆدەکەن. ئەو راچنینەی کە راستگۆیانە بتوانێت بەردی بناغە دابنێت بۆ یەکسانییەکی مرۆڤایەتی، ئەو یەکسانیەی کە بتوانین بەئارامی پێکەوە بژین، هاوشان بین، پێویستمان بەوە نەبێت پرچی یەکتر رابکێشین.**